# زەکاتی ئاژەڵ،ماڵات

[ كردي – کوردی – kurdish ]

زاگرۆس هەمەوەندی

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ زكاة الأنعام ﴾

« باللغة الكردية »


زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# زەكاتی ئاژەڵ، ماڵات

الحمد لله وكفى والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن ولاه ، أما بعد :

زەكاتی ئاژەڵ سێ جۆر لەئاژەڵو ماڵات دەگرێتەوە كە پێویستە زەكاتیان لێ بدرێت كەئەمانەن (ووشترو رەشەوڵاخ (مانگاو گامێش) و مەڕو بزن.

**١ـ رادەی گەشتنە زەكاتی ووشتر:**

ووشتر تانەگاتە پێنج زەكاتی تێدانییە كە گەشتە پێنج ووشتر ئەندازەی زەكات تێیدا كاوڕێكە ئیتر لەهەر پێنج ووشترێكدا كاوڕێك زیاد دەكات تا دەگاتە (٢٤) بیستو چوار وە لە (٢٥) بیستو پێنج ووشتردا بەچكە ووشترێكی مێنیەی یەك ساڵ دەدرێت لە زەكاتدا تا

٣٥ وه له٣٦ سىو شەش ووشتر بەچكە ووشترێكى مێينەى دوو ساڵ دەدرێت تا ٤٥ چلو پێنج وه له ٤٦ تا ٦٠) چلو شەش تا شەست بەچكە ووشترێكى مێنەى سىێ ساڵ دەدرێت وه له (٦١-٧٥) شەستو يەك تا حەفتاو پێنج ووشترێكى مێنەى چوار ساڵ دەدرێت وه له (٧٦-٩٠) حەفتاو شەش تا نەوەد دوو ووشترى مێنەى دوو ساڵ دەدرێت وه له (٩١-١٢٠) نەوەد و يەك تا سەد و بيست دوو ووشترى مێنەى سىێ ساڵ دەدرێت، پاشان لەهەموو چل ووشترێكدا بەچكە ووشترێكى مێنەى دوو ساڵ زياد دەكرێتو لەهەموو پەنجا ووشترێكدا بەچكە مێنەيەكى سىێ ساڵ زياد دەكرێت بەڵگەى ئەمەى سەرەوە: عن سَعِيدٍ رضي الله عنه يقول قال النبي (صلى الله عليه وسلم) (وَلَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ ذَوْدٍ صَدَقَةٌ) واته : پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووى: (له پێنج ووشتر كەمتردا زەكاتى تێدا نييه....).

هەر لەبارەی زەکاتی مەڕو ماڵاتەوە فەلارموودەیەکی ئەنەسی کوڕی مالیك هاتووە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی :

" عن أَنَسٍ أَنَّ   أَبَا بَكْرٍ رضي الله عنه كَتَبَ له هذا الْكِتَابَ لَمَّا وَجَّهَهُ إلى الْبَحْرَيْنِ بِسْمِ اللَّهِ الرحمن الرَّحِيمِ هذه فَرِيضَةُ الصَّدَقَةِ التي فَرَضَ رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) على الْمُسْلِمِينَ وَالَّتِي أَمَرَ الله بها رَسُولَهُ فَمَنْ سُئِلَهَا من الْمُسْلِمِينَ على وَجْهِهَا فَلْيُعْطِهَا وَمَنْ سُئِلَ فَوْقَهَا فلا يُعْطِ في أَرْبَعٍ وَعِشْرِينَ من الْإِبِلِ فما دُونَهَا من الْغَنَمِ من كل خَمْسٍ شَاةٌ فإذا بَلَغَتْ خَمْسًا وَعِشْرِينَ إلى خَمْسٍ وَثَلَاثِينَ فَفِيهَا بِنْتُ مَخَاضٍ أُنْثَى فإذا بَلَغَتْ سِتًّا وَثَلَاثِينَ إلى خَمْسٍ وَأَرْبَعِينَ فَفِيهَا بِنْتُ لَبُونٍ أُنْثَى فإذا بَلَغَتْ سِتًّا وَأَرْبَعِينَ إلى سِتِّينَ فَفِيهَا حِقَّةٌ طَرُوقَةُ الْجَمَلِ فإذا بَلَغَتْ وَاحِدَةً وَسِتِّينَ إلى خَمْسٍ وَسَبْعِينَ فَفِيهَا جَذَعَةٌ فإذا بَلَغَتْ يَعْنِي سِتًّا وَسَبْعِينَ إلى تِسْعِينَ فَفِيهَا بِنْتَا لَبُونٍ فإذا بَلَغَتْ إِحْدَى وَتِسْعِينَ إلى عِشْرِينَ وَمِائَةٍ فَفِيهَا حِقَّتَانِ طَرُوقَتَا الْجَمَلِ فإذا زَادَتْ على عِشْرِينَ وَمِائَةٍ فَفِي كل أَرْبَعِينَ

بِنْتُ لَبُونٍ وفي كل خَمْسِينَ حِقَّةٌ وَمَنْ لم يَكُنْ معه إلا أَرْبَعٌ من الْإِبِلِ فَلَيْسَ فيها صَدَقَةٌ إلا أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا فإذا بَلَغَتْ خَمْسًا من الْإِبِلِ فَفِيهَا شَاةٌ "{ رواه البخاري ١٤٥٤ وابو داود ١٥٥٢.}

واته : ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت کاتێ ئەبو بەکر ڕەزای خوای لێ بێت ناردی بۆ بەحرەین ئەم نوسراوەی بۆ نوسی بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئەمە ئەو زەکاتە فەرزو دیاری کراوەیە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دیناوە - فەرزی کردووە- لەسەر موسڵمانان ئەوەیە کە خوا فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرەکەی جا هەرکەس لە موسوڵمانان بەو شێوە داوای لێ کرا ئەوەبا بیداتو هەر کەسیش لەو زیاترداوا لێ کرا ئەوە با نەیدات: لەبیستو چوار ووشتر کەمتر لەمەڕ دەدرێت بۆ هەر پێنج ووشترێك کاورێك جا ئەگەر گەشتە بیستو پێنج تاسی و پێنج ئەوە یەك بەچکە ووشترە مێنیەی یەك ساڵ دەدرێت، جا ئەگەر گەشتە سیو شەش تاچلو پێنج ئەوە یەك بەچکە ووشترە مێینەی دوو ساڵ

دەدرێت، جا ئەگەر گەشت چلو شەش تا شەست ئەوە ووشترە مێنیەیەکی سێ ساڵی کەڵگرتوو دەدرێت، جا ئەگەر گەشتە شەستو یەك تاحەفتاو پێنج ئەوە ووشترە مێنەیەکی چوار ساڵ دەدرێت، جا ئەگەر گەشتە حەفتاو شەش تا نەوەد ئەوە دوو بەچکە ووشتری مێینەی دوو ساڵ دەدرێت جا ئەگەر گەشتە نەوەدو یە تاسەدو بیست ئەوە دوو ووشترە مێینەی سێ ساڵی کەڵگرتوو دەدرێت، جا ئەگەر لەسەدو بیست زیادی کرد ئەوە لەهەر چل ووشترێکدا بەچکە ووشترێکی مێینەی دوو ساڵ دەدرێت و لەهەر پەنجا ووشترێکدا ووشترە مێینەیەکی سێ ساڵی کەڵگرتوو دەدرێت، وە هەر کەسێ نەیبوو تەنها چوارووشتر نەبێت ئەوە زەکاتی تێدا واجب نییە مەگەر خاوەنەکەی خۆی بیەوێت زەکات بدات جا ئەگەر گەشتە پێنج ووشتر ئەوە کاورێکی تێدایە.

لەم نەخشەی خوارەوەدا زیاتر ئەم باسەمان روون كردۆتەوە.

| **ڕادەی گەشتنە زەكات** | **ئەو ئەندازەیەی كە پێویستە بردێت** | **تەمەنی ئەوەی دەدرێت لەزەكاتدا** |
|---|---|---|
| له ٥ تا ٩ | كاوڕێك یاچتیرێك | كاوڕێك ساڵێكی تەواو كرد بێت و چتیرێك دوو ساڵی تەواو كردبێت |
| له ١٠ تا ١٤ | دوو كاوڕ یا دوو چتیر | كاوڕەكان یەك ساڵێیان تەواوكردبێ و چتیرەكان دوو ساڵیان تەواو كردبێ |
| له ١٥ تا ١٩ | سێ كاوڕ یا سێ چتیر | كاوڕەكان یەك سالێیان تەواوكردبێ و چتیرەكان دوو ساڵیان تەواو كردبێ |
| له ٢٠ تا ٢٤ | چوار كاوڕ یاچوار چتیر | كاوڕەكان یەك سالێیان تەواوكردبێ و چتیرەكان دوو ساڵیان تەواو كردبێ |

| | | |
|---|---|---|
| لە ٢٥ تا ٣٥ | بنت مخاض | بەچکە ووشترێکی مێینەی یەك ساڵی پێ لەدوو بێت |
| لە ٣٦ تا ٤٥ | ابنه لبون | بەچکە ووشترێکی مێینەی دوو ساڵی پێ لەدوو بێت |
| لە ٤٦ تا ٦٠ | حقه | ووشترێکی مێینەی کەڵگرتووی سێ ساڵ پێ لەچوار بێت |
| لە ٦١ تا ٧٥ | جذعة | ووشترێکی مێینەی چوار ساڵی پێ لە پێنج بێت |
| لە ٧٦ تا ٩٠ | دوو (بنت لبون) | بەچکە ووشترێکی مێینەی دوو ساڵی پی لە سێ ساڵ بێت. |
| لە٩١تا ١٢٠ | دوو (حقة) | سێ ساڵی پێ لەچوار بن |

٢ـ رادەی گەشتنە زەکاتی رەشـەوڵاخ (مانگاو گامێش)

هەتا ژمارەیان نەاتە سـی زەکاتی تێدانییە جا لە (٣٠) سـی سـەردا گوێرەکەیەکی یەك سـاڵەی نێر یا مێ دەکەوێت تا نەگاتە (٣٩) سـی سـەر نۆ سـەر وە لە (٤٠) چل سـەردا نێونێکی دەکەوێت کە دوو سـاڵی تەواو کردبێت چوو بێتە سـاڵی سـێیەمەوە.

"عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ قَالَ بَعَثَنِى النَّبِىُّ (صلى الله عليه وسلم) إِلَى الْيَمَنِ فَأَمَرَنِى أَنْ آخُذَ مِنْ كُلِّ ثَلاَثِينَ بَقَرَةً تَبِيعًا أَوْ تَبِيعَةً وَمِنْ كُلِّ أَرْبَعِينَ مُسِنَّةً. { رواه الترمذي ٦٢٣ وابو داود ١٥٧٦ حديث صحيح }

واتە : موعازی کوڕی جەبەل رەزای خوای لێ بێت دەڵێت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ناردمی بۆ یەمەنو فەرمانی پێکردم لەهەموو سـی سـەر مانگادا گوێرەیەکی یەك سـاڵەی نێر یا مێ وەرگرم، وە لەهەموو چل سـەر مانگایەکدا نێونێکی مێینەی دوو سـاڵ وەرگرم.

**بۆ روون كردنەوەی زیاتر سەیری ئەم خشتەی خوارەوە بکە:**

| ڕادەی گەشتنە زەكاتەكەی | ئەو ئەندازەیەی كە پێویستە لەزەكاتدا بدرێت |
|---|---|
| لە ٣٠ تا ٣٩ | گوێرەیەكی یەك ساڵەی نێر یا مێ. |
| لە ٤٠ تا ٥٩ | نێونێكی مێینەكە دوو ساڵەی تەواو كردبێتو چووبێتە ساڵی سێیەمەوە. |
| لە ٦. تا ٦٩ | دوو گوێرەكەی یەك ساڵەی نێر |
| لە ٧٠ تا ٧٩ | گوێرەكە نێرێكی یەك ساڵەو نێونێكی دوو ساڵەی پێ لە سێ ساڵ. |
| لە ٨٠ تا ٨٩ | دوو نێونی دوو ساڵی پێ لە سێ |

| | |
|---|---|
| له ٩٠ تا ٩٩ | سێ گوێرەکه نێری یەك ساڵه |
| له ١٠٠ تا ١٠٩ | نێونێکی دوو ساڵەو دوو گوێرەکه نێری یەك ساڵه |
| له ١١٠ تا ١١٩ | دوو نێونی دوو ساڵەو گوێرەکه نێرێکی یەك ساڵه |
| له ١٢٠ تا ١٢٩ | سێ نێونی دوو ساڵه یا چوار گوێرەکه نێری یەك ساڵه |

**٣ـ رادەی گەشتنه زەکاتی مەڕو بزن:**

مەڕو بزن زەکاتی تێدانییه تا نەگاته چل سەر که گەشته چل سەر ئەو کاوڕێکی یەك ساڵه یا چتیرێکی دوو ساڵەی دەکەوێت هه تا سەدو بیست، لەسەدو بیستو یەك سەر دوو کاوڕی یەك ساڵه یا

دوو چتیری دوو ساڵەی دەکەوێت هەتا دوو سەد ، کە گەشتە دوو سەدو یەك سەر سێ کاوڕ یا سێ چتیی دەکەوێت تا سێ سەد ،ئەگەر لەسێ سەد زیاتر بوو لە هەر سەد سەر کاوڕێك یا چتیرێك زەکاتی دەکەوێت لە مەڕو بزندا کاوڕی یەك ساڵ وەردەگیرێ و لە بزن دا چتیری دوو ساڵ وەردەگیرێ.

وە بەیەك دەنگی زانایان دروستە نێر بدرێت لە زەکاتی ئەو مەڕو بزنانەی هەموویان نێر بن.

**بۆ زیاتر بەرچاو روونی سەیری ئەم خشتەی خوارەوە بکە:**

| رادەی زەکاتی مەڕو بزن | ئەو ئەندازەی کە پێویستە لەزەکاتدا بدرێت |
|---|---|
| لە ١ تا ٣٩ | زەکاتی ناکەوێت |
| لە ٤٠ تا ١٢٠ | کاورێکی یەك ساڵە یا چتیرێکی دوو ساڵە (شەك) |

| | |
|---|---|
| له ١٢١ تا ٢٠٠ | دوو كاوڕ یا دوو چتیر |
| له ٢٠١ تا ٣٩٩ | سىێ كاوڕ یا سىێ چتیر |
| له ٤٠٠ تا ٤٩٩ | چوار كاوڕ یا چوار چتیر |
| له ٥٠٠ تا ٥٩٩ | پێنج كاوڕ یا پێنج چتیر |

**بەڵگەی زەكاتی مەڕو بزنو رادەی گەشتنە زەكاتو ئەندازە زەكات لێدانی:**

"قال أنَسٍ رضي الله عنه أنَّ أبَا بَكْرٍ رضى الله عنه كَتَبَ لَهُ هَذَا الْكِتَابَ لما بعثه الى بحرين وفيه: .... وَفِى صَدَقَةِ الْغَنَمِ فِى سَائِمَتِهَا إذَا كَانَتْ أرْبَعِينَ إلَى عِشْرِينَ وَمِائَةٍ شَاةٌ ، فَإذَا زَادَتْ عَلَى عِشْرِينَ وَمِائَةٍ إلَى مِائتَيْنِ شَاتَانِ ، فَإذَا زَادَتْ عَلَى مِائتَيْنِ إلَى ثَلاَثِمِائَةٍ فَفِيهَا ثَلاَثٌ ، فَإذَا زَادَتْ عَلَى ثَلاَثِمِائَةٍ فَفِى كُلِّ مِائَةٍ شَاةٌ ،

فَإِذَا كَانَتْ سَائِمَةُ الرَّجُلِ نَاقِصَةً مِنْ أَرْبَعِينَ شَاةً وَاحِدَةً فَلَيْسَ فِيهَا صَدَقَةٌ ، إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا. { رواه البخاري ١٤٥٤} واته : ئەنەس رەزای خوای ڵی بێت دەڵێت: کاتێ ئەبو بەکر ناردی بۆ بەحرەین ئەم نامەیەی بۆ نوسی کە لە بەشێکیدا دەڵێت: (.......وە لە زەکاتی مەڕدا کە خۆی بلەوەڕێ ئەگەر چل سەر بوو تاسەدو بیست کاوڕێ یا چتێرێکە، ئەگەر لەسەدو بیستو یەك تادوو سەد سەر دوو کاوڕ یا دوو چتیرە، ئەگەر لەدوو سەد تێپەڕی تاسێ سەد ئەوە سێ کاوڕ یا سێ چتیری دەکەوێت جا ئەگەر لە سێ سەد تێپەڕی کرد ئەوە لەهەموو سەد سەرێکدا کاورێك یا چتیرێك دەکەوێت جا ئەگەر کەسێك مەڕو بزنەکانی لە چل سەر کەمتر بوون ئەوە زەکاتی لێ ناکەوێت مەگەر خۆی حەز بکات بیدات).

**مەرجەکانی زەکات لێکەوتنی ئاژەڵ:**

بۆ ئەوەی ئاژەڵو ماڵات زەکاتی لێ بکەوێت ئەم مەرجانەی خوارەوە پێویستە ببن:

**١ـ ئاژەڵەكە خۆ لەوەڕ بێ:** واتە زۆربەی ساڵ لە لەوەڕگای دەرو دەشت بلەوەڕێو پێویستی بە ئاڵف نەبێت وەك لە فەرمودەكەی ئەنەسدا هاتووە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: وَفِى صَدَقَةِ الْغَنَمِ فِى سَائِمَتِهَا إِذَا كَانَتْ أَرْبَعِينَ إِلَى عِشْرِينَ وَمِائَةٍ شَاةٌ. { رواه ابوداود ١٥٧٥ والنسائي ٢٤٤٩ واحمد ٢،٤/٥} واتە: لەمەڕدا لەوەی خۆی دەلەوەڕێ ئەگەر چل سەر بوو تاسەدو بيست سەر شەكێك زەكاتيەتی... قال رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : (... في كل سَائِمَةِ إِبِلٍ في أَرْبَعِينَ بِنْتُ لَبُونٍ... { رواه ابوداود ١٥٧٥ والنسائي ٢٤٤٩ واحمد ٢،٤/٥} واتە: وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمويەتی: لە هەموو خۆلەوەڕێكی ووشتردا لە چل سەردا، بەچكە ووشترێكی دوو ساڵی مێینە دەكەوێت).

**٢ـ گەشتنە رادەی زەكات لێكەوتن:** كە زانایان لەسەری یەك دەنگن كەلەهەر سێ جۆرەكەدا بەبەڵگەوە باسمان كرد.

**٣ـ ساڵ بەسەردا تێپەڕین:** قال النَّبِی (صلى الله عليه وسلم) « وَلَيْسَ فِی مَالٍ زَكَاةٌ حَتَّى يَحُولَ عَلَيْهِ الْحَوْلُ . { رواه ابن ماجة ١٧٩٢ والدارقطني ٣ والبيهقي ١٠٣ فيه اختلاف} واته: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت (هیچ ماڵێك زەكاتی تێدا نییە هەتا ساڵی بەسەردا تێنەپەڕێ، لەمەرجی ساڵ بەسەردا تێپەڕین ئەو بەچكانەی لەنێوان ساڵەكەدا پەیدا دەبن ئەوە مەرج نییە لەپەیدا بوونیانەوە ساڵیان بەسەردا تێپەڕێ، بەڵكو لەگەڵ ساڵی ئاژەڵە گەورەكانا ساڵی ئەمانیش تەواو دەبێتو زەكاتیان دەدرێت.

**٤ـ** نابێت ئیشكەر بێ وەك زەوی كێڵانو ئاو هەڵگۆزینو بارلێنان: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: ليس في الْبَقَرِ الْعَوَامِلِ صَدَقَةٌ... { رواه الطبرانی حدیث صحیح} واته: (لەمانگای ئیشكەردا هیچ زەكاتی ناكەوێت) ، بەڵكو دەبێت ئاژەڵ كە بۆ شیر یان بەر و زیادكردن یا قەڵەو بوون بێت.

**خستنە سەریەكو جیاكردنەوەو نێوان**

**١ـ ئاژەڵی جیا ناخرێنە سەریەكو ئاژەڵی كۆش جیاناكرێتەوە لەترسی زەكات لێكەوتن:**

ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: قال أنس رضى الله عنه حَدَّثَنا أَنَّ أَبَا بَكْرٍ رضى الله عنه كَتَبَ لَهُ الَّتِى فَرَضَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) «وَلاَ يُجْمَعُ بَيْنَ مُتَفَرِّقٍ ، وَلاَ يُفَرَّقُ بَيْنَ مُجْتَمِعٍ ، خَشْيَةَ الصَّدَقَةِ. { رواه البخاري ١٤٥٠} واتە: ئەبوبكر ڕەزای خوای لێ بێت ئەو زەكاتەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دیاری كردبوو بۆی نووسی (... نابێت ئاژەڵی جیا بخرێتە سەر یەك وەنابێت ئاژەڵی كۆ جیاكرێتەوە لە ترسی زەكات لێكەوتن.

نمونەی جیاكردنەوەی كۆو پێكەوە بوو: دوو كەس دوو سەدو یەك مەڕیان هەبێت دەبێت سێ مەڕ بدەن ، جیای دەكەنەوە بۆ ئەوەی هەر یەكەیان یەك مەڕی بكەوێت، ئەو دروست نییەو حەرامەو هەر دەبێت سیان بدەن وە نمونەی خستنە سەر یەكی جیا: سێ كەس هەر یەكەیان چل مەڕی هەیە ئەگەر كۆی نەكەنەوە دەبێت

هەر یەکەیان مەڕێك بدات ، بەڵام ئەگەر کۆیان کەنەوەو بیخەنە سەریەك پێکەوە یەك مەڕی لێ دەکەوێت ئەمەشیان نابێتو دروست نییە.

**٢ـ ئەگەر ئاژەڵ نەگاتە رادەی زەکات:**

زەکاتی لێ ناکەوێت، وە ئەوەی لەنێوان دوو رێژەی زەکاتی لێکەوتندایە زەکاتی لێناکەوێت کە پێی دەڵێن (الأوقاص) ئەگەر سەیری خشتەکانی پێشوو بکەیت جوان بۆت روون دەبێتەوە، نمونیەیەك بۆ (الأوقاص) مەڕو بزن لەچل مەڕدا مەرێك دەکەوێت دوا ئەوە تاسەدو بیست سەر هەریەك مەڕە ، کە گەشتە سەدوبیستو یەك سەر دوو مەڕی دەکەوێت، نێوان چلو سەدو بیستو یەك پێی دەوترێت (الأوقاص) و زەکاتی تێدانییە، بەبەڵگەی ئەمەی کە لە فەرمودە درێژەکەی موعازدا هاتووە کە دەڵێ: أَنَّ الأَوْقَاصَ لاَ فَرِيضَةَ فِيهَا. { احمد ٥/٢٤٠} واتە: ئەوقاص زەکاتی تێدا نییە.

## ٣ـ زەکاتی ئاژەڵی تێکەڵ:

ئەگەر دوو کەس یا زیاتر ئاژەڵەکانیان پێکەوە بوو یەك شوانو لەوەڕگا و شوێن حەوانەوەیان هەبوو ئەوە وەك یەك خاوەن دادەنرێن بۆ زەکات لێ وەرگرتن بە گوێرەی ژمارەی ئاژەڵەکانیان زەکاتیان بەر دەکەوێت لە نامەکەی ئەبو بەکر بۆ ئەنەس ڕەزای خوایان لێ بێت کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وای دانابوو: وَمَا كَانَ مِنْ خَلِيطَيْنِ فَإِنَّهُمَا يَتَرَاجَعَانِ بَيْنَهُمَا بِالسَّوِيَّةِ. { رواه البخاري ١٤٥٠، ١٤٥} واتە: ئەو ئاژەڵانەی هی دوو کەس یان زیاترن پێکەوە تێکەڵن ئەو بێگومان بەیەکسانی دەیگێڕنەوە دابەشی دەکەنەوە بەسەر خۆیاندا هەر کەس بە ئەندازەی بەشی خۆی بەشە زەکاتی دەکەوێتە سەر....

بۆ نمونە دوو کەس یەکی بیست مەڕیان هەیە ئەو کەسەی زەکات وەردەگرێت لێیان مەڕێکیان لێ وەردەگرێت کە ئەو مەڕەی

وەرگیراوە هی یەکێکیانە جا دەبێت ئەوی تریان نیوەی نرخەکەی بۆ بگێڕێتەوە.

**٤ـ ئەو ئاژەڵانەی کە کۆکەرەوەی زەکات نابێ وەریبگرێت:**

**أ ـ** ئاژەڵی پیری دان کەوتوو

**ب ـ** ئاژەڵی کوێر.

**ج ـ** ئاژەڵی نێر، مەگەر هەموویان نێر بن لەوکاتەدا دروستە.

**د ـ** ئاژەڵی ناتەواو عەیبدار

ئەنەس رەزای خوای لێ بێت دەڵێ ئەبو بەکر رەزای خوای لێ بێت ئەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دیاری کردبوو ، نووسی بۆم:

"وَلاَ يُخْرَجُ فِى الصَّدَقَةِ هَرِمَةٌ ، وَلاَ ذَاتُ عَوَارٍ ، وَلاَ تَيْسٌ ، إِلاَّ مَا شَاءَ الْمُصَدِّقُ. { رواه البخاري ١٤٥٥} واتە: لە زەکاتدا ئاژەڵی پیر نادرێت،

ئاژەڵی كوێرو عەیبدار نادرێت، نێریش نادرێت مەگەر زەكات وەرگرەكە بیەوێت و بۆ هەژاران باشتر بێت.

عن النبي (صلى الله عليه وسلم) وَلاَ يُؤْخَذُ فِى الصَّدَقَةِ هَرِمَةٌ وَلاَ ذَاتُ عَيْبٍ. { رواه مالك في الموطأ ٢٥٧/١ حديث حسن} واتە: وەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: ئاژەڵی پیر وەرناگیرێت وە ئاژەڵی عەیبدار وەرناگیرێت لە زەكاتدا.

**ه ـ** ئاژەڵی دابەستە بۆ سەرپڕین نێر بێ یا مێ.

**وـ** ئاژەڵی كە بۆ شیر لەماڵدا خزمەتی دەكەن.

**زـ** ئاژەڵی ئاووس كە كاتی زانو بەچكەبوونی بێت.

**ح ـ** بەرانو سابرێنی ناورانو ئاژەڵ كە پێویستە لەناویاندا بێت.